

### د. کەمال کەرکووکی- ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بارزانی نەمر ئامۆژگاری دەکردین کە میللەتی کورد بریندارى دەستی دوژمنە و نابێ بریندارتری بکەین

**✿ لە یادی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی و پێشکەوتووخوازدا ئەو شۆڕشەی ئەو گومانەی ڕەواندەوە کە جارێکی تر شۆڕشی کورد دروست نابێتەوە و دڵی جەماوەری کوردستانی بە شۆڕش و چالاکی پێشمەرگانە خۆشکردەوە.**

**سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هەنگاوی یەکەم سنووری چالاکی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی کرد بە دوو هەرێمەوە، بەڕێز کەمال کەرکووکی بەرپرسی هەرێمی دووی سەرکردایەتی کاتی بوو.**

**بۆ زیاتر ئاگاداربوونی خوێنەرانمان لە ڕۆژە پڕشنگدارەکانی ئەو کات و هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێزیان سازدا.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** سەرەتا با لە یەکەمین بیرۆکە و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە دەست پێبکەین، کەی و چۆن و لە کوێ بوو؟**

– منیش لەوێوە دەست بە وەڵامەکان دەکەمەوە کە خودی ئەو پیلانەی لە شۆڕشی کورد کرا یەکجار لەوە گەورەتر بوو کە بە خەیاڵی ئێمەدا دێت، بۆیە لێرەدا حیکمەتی بارزانی مستەفای رابەر و سەرکردە دەرکەوت، چونکە ئەگەر هەموو کوردێک هێندەی ئەو لە گەورەیی پیلانەکە بگەشتایە بێگومان پێویستی بە هیچ جۆرە سڵەمینەوەیەک نەدەکرد لە باسکردنی ڕووداوەکاندا.

بارزانی مستەفای نەمر لەو کاتەدا بە فەرموودەیەکی جوان و مرۆڤدۆست و ژیان دۆستانە گوزارشتی لە راگرتنی شۆڕشی کرد، فەرموویان (ئێمە ڕۆڵەی دڵسۆز و شۆڕشگێڕی میللەتەکەمان کەرەسەی دروستکردنی شۆڕشن، بۆ ئەوەی ئەوان لە نێو نەچن شۆڕش رادەگرین بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر ئەوان بە شێوازیکی نوێ بەرپەرچی ئەم پیلانە دەدەنەوە).

ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی واقعبینانە تەماشای خودی وەستانەکە بکەین ئەویش بۆ کورد جۆرێکی تری شۆڕش و خەبات بوو هەرچەندە لە ئاستی نەتەوەییدا داخێکی گەورە بوو، بەڵام کرانەوەیەکی باش بوو بۆ خەڵکی کورد کە لە چوارچێوەی جوگرافیای خۆی دەربچێت و تێکەڵی دنیای تازە ببێت و زۆرێک کچ و کوڕی کورد کە ڕوویان کردە دەرەوە بوونە خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵا و ئەمڕۆ هەندێکیان لە کوردستاندا خزمەت دەکەن یان بە جۆرێکی دیکە کورد لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوویەوە، جاران ئەگەر گەیاندنی کێشەی کورد بە دەرەوە زۆر ئاسان نەبوو کەچی ئەمڕۆ لە پاش ئەو ڕووداوە لە زۆربەی شارەکانی دنیادا کورد هەیە و دەتوانێ باسی نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی بکات.

پاش نسکۆی ئەیلول بڕیار درا بەردەوامی بە شۆڕش بدەینەوە بۆ ئەوەی بۆشایی دروست نەبێت بۆ رژێم بۆ هەرچی زیاتر گوشار خستنە سەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان چونکە جگە لەو خێزانانەی ئاوارەی ئێران بوون زۆرێکی تریش لە کوردستان مانەوە یان پاشان گەڕانەوە و رژێم کەوتە گرتن و دوورخستنەوە و شەهیدکردنیان لەو ڕۆژە سەختانەدا بەڕێز کاک مسعود بارزانیم بینی و باسی ئەوەم لەگەڵ بەڕێزیاندا کرد کە ئێمە کرداری فیداکاریانە بکەین بۆ ئەوەی دوژمن دەم کوت بکەین و تۆڵەی ئەو تاوانە بکەینەوە، بەڕێزیان گوتی ئێمە خاوەنی لاوی وەک ئێوەبین دەتوانین بەشێوازێکی تر ئەو هەنگاوە بنێین.

پێش ئەوەی ئێمە بگەڕێینەوە کوردستان سەرکردایەتی کاتی خەڵکی ناردبویەوە کوردستان، بەڵام بەهۆی گوشاری زۆری دوژمنەوە ئەو بەڕێزانە ناچاربوون واز لە کارکردن بێنن.

ئەوەبوو کوردستان کرا بە دوو هەرێمەوە، بەڕێزان کاک جەوهەر نامیق سالم وەک بەرپرسی هەرێمی یەک و کاک کەریم شنگاری وەک یاریدەدەر لەگەڵیدابوو، من دیاری کرام بۆ هەرێمی دوو هەروەها بەڕێز شێخ عەزیز شێخ یوسف شەدەڵە یاریدەدەری من بوو، سەرەتا لە دۆڵی جافایەتییەوە دەستمان پێکرد بەشێوەی ڕێکخستنی زۆر نهێنی و پەیوەندمان بەدەستەبژێوەوە دەکرد ئەوانەی دڵسۆز بوون یان جێگەی متمانە بوون و بەرۆژدا لە چیاکان خۆمان حەشار دەدا و شەوانە دەچووینە گوندەکان بۆ کاروباری ڕێکخستنەوە.

سنووری هەرێمەکەی ئێمە بریتی بوو لە هەولێر و سلێمانی کەرکووک و بەشێک لە

بەغدا و موسڵیشمان سەرپەرشتی دەکرد وردە وردە دەستمان کرد بە دروستکردنی مەفرەزەی زۆر بچووک و نهێنی بۆ زەبر وەشاندن لە دوژمن و پاشان مەفرەزەکانمان بە ئاشکرا دەگەڕان و شەڕی باشمان دەکرد.

یەکەمین بەیانی سەرکردایەتی کاتی کە بڵاوکرایەوە ئەگەرچی بە چاپ و ڕۆنیۆیەکی زۆر کۆن ئامادەکرا، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک و موسڵ و بەغدا و زۆر جێگەی تر بڵاومان کردەوە و لەو هەنگاوەدا شەهیدی نەمر جەنابی مامۆستا مەلا ڕەسوڵی شارستێن دەورێکی ئێجگار گەورەی گێڕا لە بردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە بە زۆر شوێنی کوردستان.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو هێزانەی تر چۆن بوو ئەگەر لە ناوچەکەدا هێزی تر هەبووبن؟**

– لە ڕاستیدا کاتێک ئێمە چووینە ئەو ناوچەیە تەنیا هێزبووین لەوێدا و سەرەتا لە هەرێمی دوو یەکەمین پێشمەرگە کە پەیوەندی کرد شەهیدی نەمر کەریم خوڕخوڕەیی بوو ئێمە مەفرەزەکانمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخستن و لەو ناوچەیەدا تەنیا هێز بووین.

پاش ماوەیەک بەڕێز (عەلی عەسکەری و ملازم تایر عەلی والی و ملازم عەبدولمەلیک بوون) هاتنە لای ئێمە و دانیشتمان لەگەڵدا کردن و نامەیەکیان نوسیبوو بۆ شەهیدی سەرکردە کاک ئیدریس بارزانی و داوایان کردبوو بەڕێزیان هاوکاریان بکات و من نامەکەم برد بۆ بەڕێز کاک ئیدریس.

ئێمە هیچ گرفتمان لەگەڵ ئەواندا نەبووە و ئەوان بەناوی بزووتنەوەی سۆشیالیستەوە هاتبوون، باش لە بیرمە کاتێک ئەوان هاتن ئێمە ١١٥٠ پێشمەرگەی ڕێکخراو و خاوەن دسپلینمان هەبوو لە ناوچەکانی (کەرکووک و جەباری و چەمی ڕێزان و تەواوی ناوچەکانی سنووری هەرێمی دوو و پێشمەرگەکانمان بە ئاشکرا کاریان دەکرد و لە ناوچەکانی هەورامان وشینکایەتی و ئاسۆس و سێدەر و زۆر جێگای تر مەفرەزەمان هەبوون و ئاگامان لە یەکتر هەبوو.

لە ١٩٧٦/٥/١٢ لە (زۆمی گۆمەداڵ) لە ناوچەی جافایەتی بارەگایەکمان کردەوە و لە ئەشکەوتی (پڵنگان) و لە (چەمی ڕێزان) و (سێدەر)یش بارەگامان هەبوو.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە باشترین توێژەکانی نێو کۆمەڵگە ڕێکخستنمان هەبوو لەوانەش لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی بەغدا و زانکۆی موسڵ و لە ناو کەرکووک و تەنانەت لە ناوچەکانی (فوراتی ناوەڕاست)یش ئێمە شانەی ڕێکخستنمان هەبوو بەتایبەت لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کە لە خوارووی وڵاتدا دەژیان.

بەهەر حاڵ ئێمە لەو کاتەدا هێز و جەماوەرمان بەو جۆرە بوو، بەڵام بە گیانێکی برایانەوە مامەڵەمان لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە یارمەتی ئەوانەمان دەدا کە دەهاتنە لامان بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش.

*** لە مانگی ئابی ١٩٧٦ مەفرەزەیەکی سەرکردایەتی کاتی لە ناحیەی بنگرد چالاکییەک دەکەن ئەو داستانە بە سەرکردایەتی بەڕێزتان بووە تکایە هەندێک وردەکاریان بۆ باس بکەن؟**

–پاش دەرکەوتنی مەفرەزەکانی ئێمە دوژمن دەیویست زیاتر گوشار بخاتە سەر جەماوەر و ئاستەنگ بۆ پێشمەرگە دروست بکەن ئەوەبوو لە ١٩٧٦/٨/١١ بە نەخشەیەکی باشەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو قسانەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حسەین کە لە زۆر بۆنەدا دەیانگوت (انتهت التمرد العميل الكردي والى الابد) واتە بۆ دواجار یاخی بوونی بەکرێگراوانەی کورد کۆتایی هات. ئێمە لە سەرکردایەتی کاتی بڕیارمان دا نەهێڵین ئەو قسەیە ببێتە مایەی دڵخۆشی دوژمنان و دڵنیگەرانی خەڵکی کورد. هەرچەندە ئەو داستانە یەکەم داستان نەبوو چونکە لە ٢٦/٢٥-٥-١٩٧٦ سەید عەبدوڵڵا شەهید بوو ئەو ڕۆژە بویە ڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان بەڵام پێشتر ئێمە مەفارزمان لە کوردستاندا هەبوو.

بەهەر حاڵ ١٩٧٦/٨/١١ بڕیارماندا لە ناحیە و بنکەی پۆلیسی و دائیرەی ئەمن و موخابەرات بدەین.

هێزەکەمان هێنایە (کانی توو) پاشان چووینە (ئاوەژە) هێزێکمان نارد بۆ ئاسۆس لەوێ هێزەکە دابمەزرێت بۆ ئەوەی ئەگەر ئینسیحابمان کرد بچینە ئەوێ هەندێک هێزمان ناردە نزیک ڕەبایەکان و نەخشەکە بەم جۆرە بوو:



ئەو مەفرەزانەی دامانابوون کاریان تەنیا مەشغوڵ کردنی ڕەبایەکانی دەوروبەری بنگرد بوو، بڕیار وابوو لەگەڵ دەستپێکردنی تەقە لەناو شاردا ئەوانیش لە سێ لاوە لە ڕەبایەکان بدەن تەنیا بۆ مەشغوڵ کردنیان، وا ڕێکەوت ئەو ڕێگەیەی ئێمەی پێدادەچین پۆلیسێک لەوێ دەبێت و کە هێزەکەی ئێمە دەبینێ تەقە دەکات و هەڤاڵانیش وا دەزانن ئێمە گەیشتووینەتە جێگەی مەبەست، ئیدی شەڕ دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا دەستمان بەسەر تەواوی ئەو جێگایانە داگرت.

دواتر زانیمان بەرپرسی مونەزەمەکە خۆی لە نێو تابووتی مزگەوتەکەدا خۆی شاردبوویەوە، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو هەرچەندە ئێمە سێ پێشمەرگەمان بریندار بوون، بەڵام گرنگی لەوەدابوو وورەی جەماوەر زۆر بەرزبوویەوە و دوژمن پێی

شکایەوە.

*** یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کاتی کەی بوو، ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی کێ بوون؟**

– دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە سەرۆک مسعود بارزانی و کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ بناغەدانەری سەرکردایەتی کاتین و دواتر بەهۆی نەخۆشی بارزانی نەمرەوە کاک مسعود سەفەری ئەمەریکای کرد و کاک ئیدریسی رەحمەتی سەرپەرشتی راستەوخۆی دەکردین، کاک مسعودیش کاتێک لە ئەمەریکا بوو لە رێگەی پۆستێکی نهێنییەوە کە لە ئێران هەمانبوو تەعلیمات و تەوجیهاتی بۆ دەناردین.

ئەندامانی تری سەرکردایەتی بریتی بوون لە

* جەوهەر نامق سالم لێپرسراوی میحوەری یەک لە بادینان

* کەریم سنجاری میحوەری یەک لە بادینان

* ئازاد بەرواری لە ڤییەننا بریندار کرا لە کاتی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی کاک مسعود

* عارف تەیفور لە ئێران گیرا

* حەمە رەزا لە ئێران گیرا

* سامی عەبدولرەحمان/ لە دەرەوە ئیعادەی رێکسختنی دەکرد

* ئازاد خەفاف

* ئەحمەد وریا سەعاتچی

دواتر کۆمەڵێک هەڤاڵی تر ئیزافەکران بۆ سەرکردایەتی کاتی.

*** بەڕێزتان ماوەیەکی زۆر لە سنووری سۆراندا سەرکردەیەکی دیاری سەرکردایەتی کاتی بوون و خەڵکێکی زۆر هاوکاری و خزمەتی ئێوەیان کردووە لەو گوندانەدا لەم یادەدا چ پەیامێکتان بۆ ئەو خەڵکە و بنەماڵەی شەهیداندا هەیە.**

– یەکەمین پایگای ئێمە لە پشتی خورخورە و باخیان بووە و دواتر بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوبووینەتەوە، لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر خواردنی ماڵ و منداڵی لەگەڵ ئێمەدا بەش کردووە و هەمیشە خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە وەک کوردێکی پاک و بە شەرەف هەمیشە هاوکار و پشتیوانی ئێمە بوون و هەرگیز ناتوانم رۆڵی ئەو خەڵکە لەبیر بکەم و خۆمان بە قەرزاری ئەوانە دەزانین.

پەیمان بە خەڵکی ئەو دەڤەرانە دەدەین لە کاتی گونجاودا باشترین خزمەتیان دەکەین، چونکە ئەوان خاوەنی ئەم شۆڕشەن و دەبێت لەبەری ئەم شۆڕشە بخۆن و بچننەوە لەم یادەدا سڵاو بۆ کەسوکاری شەهیدەکان دەنێرم، سڵاوی تایبەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدی خۆشەویستمان مامۆستا مەلا رەسوڵی شارستێن کە ئەو زاتە زانایەکی پایەبەرز و مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، ، فەرمانادەیەکی قارەمانی ئێمە بوو کە بەداخەوە لە ١٩٧٦/١٢/٢٥ لە شەڕی شارستێن شەهید کرا. هەق وایە پەیکەرێک بۆ ئەو مرۆڤە بکرێت یان جێگایەکی شایستە بەناوی ئەو بەڕێزەوە ناوبنرێت و من خۆم بە مەسئول دەزانم بەرامبەر بەو وەفایە بۆ ئەو بەڕێزە و تەواوی شەهیدە سەربەرزەکان و ئەو خەڵکەی کە ئەوەندە هاوکاری ئێمە بوون لەو گوندانە و دەچوونە سلێمانی و کەرکوک خەڵکان بۆ دەهێنایین ئەوانەی کە ئێمە بۆ کاروباری رێکخستن دەمانویست بیانبینین.

یادی فەقێ سمایلی یاخیانی جێگای رێزە، بنەماڵەی شەهیدانی شارستێن بەتایبەتی شەهید بایز و شەهید عەبدوڵڵا و شەهید مەمەند و تەواوی شەهیدەکان و پێشمەرگەکان و ژن و پیاوی ئەو گوندانە هەموو ئەوانەی لەگەڵ شۆڕشدا ماندووبوون مایەی رێزن و سڵاویان بۆ دەنێرم.

*** ئەگەر شتێک مابێت بەڕێزتان باسی بکەن**

– بەراستی شۆڕشی گوڵان وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە دیرۆکی نەتەوەکەماندا، سوپاس بۆ یەزدان کە ئەمرۆ کورد لە سایەی خەبات و قوربانیداندا هەنگاوی باشی ناوە، زۆر بیرەوەری و سەروەری لەو شۆڕشەدا هەبوون، بەڵام لە دیمانەیەکی وادا باس ناکرێن و ئەگەر دەرفەتی هەبوو هەندێک شتم نوسیووە بە کتێب بڵاوی دەکەمەوە.

کۆتایی قسەکانم بە وتەیەکی بارزانی نەمر دەهێنم کە دەفەرموێت (کە هێزتان هەبوو مەغرور مەبن، زوڵم لە میللەتەکەتان مەکەن چونکە کورد برینداری دەستی دوژمنە و ئێوە بریندار تری مەکەن، هەر چەکدارێک لەو چیایانەی کوردستان خەبات بکات بیروبۆچوونی هەرچییەک بێت چرایەکە بۆ کورد، کەی کەوتنە نارەحەتییەوە تووشی نائارامی مەبن، بڕواتان بەخودا هەبێت ئێوە سەرکەوتوو دەبن). ■

**لە ٢٥/٢٦-٥-١٩٧٦ سەید عەبدوڵڵا شەهید بوو ئەو رۆژە بوویە رۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان**